# مۆدێرنیتە و رۆڵ و خەباتی رۆشنبیرانی ژن لە هەمبەر دوو روانگەی جیاواز لە ئێران و کوردستاندا

ن: ماریا

مۆدێرنیزم پرۆسەیەکە کە بە بیر و ئەندێشەی ئافراندن و نوێ کردنەوە و هەڵوەشاندنی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی نەریت و مەزهەب و پشت بەستن بە زانست و تێکنۆلۆژی هەوڵ دەدات عەقڵانییەت و زانست بنەتە جێی باوەڕ و ئەندێشە متافیزیکییەکان لە دوو ساحەی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا. پرۆسەی مۆدێرنیزم قۆناخی کۆتایی پێهێنانی سیاسەت ، ئەخلاق و کولتووری نەریتییە، واتە رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ نەریت و باوەڕە متافیزیکییەکان. لە کولتوور و ئەخلاقی نەریتیدا رابردوو کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر ژیانی مرۆڤ هەیە و تاکی نەریتیش ئەو کەسەیە کە لە سەر ئەو مێتۆدە کولتووری و ئەخلاقیانە ، بە بێ بیرکردنەوە و ئەندێشەیەکی عەقڵانی ژیان و هەڵسوکەوت دەکات. بەڵام لێرەدا گرنگ هەڵسوکەوتوو و هێڵی نەریت گرایيە ، رئاکسیۆنێکی ئاگادارانە و لە سەر بنەمای لۆژیکی نەریت هەوڵ ئەدات ئەو پارادۆکس و کێشە و گرفتانە کە بە هۆی رەهەندەکانی مۆدێرنیزمەوە لە کۆمەڵگەدا دروست دەبێت بە یارمەتی گرتن لە نەریت چارەسەر بکات. لەکاتێك دا کە هەوڵی مۆدێرنیزم لابردن و بێکاریگەر کردنی نەریتە.

بەڵام راستییەك هەیە بەو مانایە کە نوێخوازی بە واتای رەتکردن و نکۆڵیکردنی هەموو نەریتەکان نییە، بەڵکو ئانالیزێکی رەخنەگرانەی لە سەریان هەیە ، واتە نکۆڵیکردن و رەتکردنەوەی ئەو پارادایمە کە "نەریتی" کردۆتە ئایدۆلۆژی و لە سەر بنەمای ئەو ئایدۆلۆژییەشە کە کولتوور و ئەخلاقی نەریتی ئەبێ بە نموونە و پێشەنگی ژیان و هەڵسوکەوتی رۆژانەی تاك و بە تایبەت رەتکردنەوەی ئەو دەسەڵاتە کە مەشروعییەت پێشکەش بە نەریت ئەکات بە مەبەستی ژیانەوەی خوەی. بەڵام پارالل لە گەڵ ئەمەش هیچ کۆمەڵگەیەك (بگرە کۆمەڵگەکانی رۆژئاواش) کە ناوەندی دەرکەوتن و پێشکەوتنی پرۆسەی مۆدێرنیزمن، بە رەتکردنەوە و دابڕانێکی خێرا لە رابردووی خوەیان نەگەیشتونەتە رۆژگاری مۆدێڕنی ئەمڕۆیان. بەڵکو قۆناخگەلێکی هەستیاری زۆریان تێپەڕاند و تەنانەت قوربانی زۆریشی خستەوە. ئەوی کە مۆدێرنیزم لە نەریت و ژیانی نەریتی جیا ئەکاتەوە ئەوەیە کە لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات و چارەسەری گیروگرفتەکان ، هیچ سەرچاوەیەك جیا لە زانست و عەقڵ بە بنەما دانانێت و جیا لەوانە هەموو سەرچاوەکان بە سەرچاوەی متافیزیکی و ناعەقڵانی دادەنێت.

بێگومان ناسین و لێکۆڵین و گەڕان بە شوێنی مۆدێرنیزم و قۆناخەکانی, پێویستی بە ناسین و خوێندنەوەیەکی قووڵ لە سەر کولتووری کۆمەڵگەکانی رۆژئاوا هەیە. ئەمە بە واتای کۆپی کردنی یەکسەر و دەقاودەقی لایەنی رووداوەکان و دابەزاندنی ئەو کۆپییە لە سەر کۆمەڵگەکانی تر نییە، بەڵکو ئەمە پێویستییەکی گرنگە لە سەر ئەو رێئالیتەیە کە لە رۆژی ئەمڕۆماندا جیهانیبوون خێراییەکی یەکجار بێ هاوتای بەخشیوە بە رەوتی گۆڕانکارییەکان لە هەموو گۆڕەپانە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاست دونیادا، بۆیە ئەمەش خوەی دەبێتە هۆی ئەوە کە نە دەتوانین و نە دەکرێت کە بە یارمەتی پارادایمێکی تەنگ و خۆماڵی سەیری کێشەکانی نێو کۆمەڵگەمان بکەین.

بێگومان چەمکی مۆدێرنیزم پەیوەندییەکی قووڵ و راستەوخۆی بە تاکەوە هەیە.

لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی کە هێشتا بە پرۆسەی مۆدێڕن بووندا تێنەپەڕیوە، کاتاگۆرەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە تەنیا بە ملکەچی و گوێڕایەڵی کەرەستەکانی وەفاداری، تەسلیم بوونی هەمە لایەنەیان و توانەوەیان لە نێو کۆمەڵدا پێناسە دەکرێن. بەڵام بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگەییەك کە لە رەهەندەکانی مۆدێڕنیزمدا تێپەڕیبێت ، گەشەی تاك وپەرەدان بە ناسنامەی تاك و کەسایەتی سەربەخۆ بنەمای رێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. واتە ئەگەر لە کۆمەڵگە نەریتیەکان نکۆڵی تاك و بەرژەوەندییەکانی بنەمای یەکبوونێکی کۆمەڵایەتییە، لە کۆمەڵگە مۆدێڕنەکان سەربەخۆیی تاکەکان بنەمای یەکبوونی ئۆرگانیکیی کۆمەڵگەیە.

بەڵام لێرەدا پرس ئەوەیە کە ئایا تاکی مۆدێڕن کێیە و چۆن دروست دەبێت؟

کوالیتی رەنگدانەوەی مۆدێڕنیزم, خۆناسینی رەخنەگرانە، واتە فۆرم گرتنی تاکی خۆئەندێش و خۆبین و هەروەها فۆرم گرتنی پێناسەی تاك و پەرەدان و گەشەسەندنی "خود"بەشێکن لە دواهاتەکانی مۆدێڕنیزم، هەر بۆیە تاکی مۆدێڕن لە جێی پاشکەوتن و بەدوادا چونی نەریت، ناچار بە هەڵسەنگاندن ، هەڵبژاردن و بڕیار گرتن دەبێت. هەر ئەم فۆرم گرتنەی تاکی سەربەخۆ و ئۆتۆنۆمیك، خۆناسینی رەخنەگرانەیە کە بە مۆدێرنیزم ومرۆڤی مۆدێڕن, تایبەتمەندی و فاکتۆری ژیانەوە و نوێبوونەوە دەبەخشێت.

ئاستی گەشەی تاکگرایی و چۆناوچۆنی ئەو لە کۆمەڵگەکاندا جیاوازە. هۆکارگەلێکی وەك چین، رەگەز، نەتەوە و پێشینەی تاك و کۆمەڵگە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر ئاستی گەشەی تاکگرایی لە نێو تاکەکان و گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. بەڵام لە رووی مێژوویيەوە جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوان تاك گرایی ژنانە و پیاوانە هەیە.

واتە کاتێك کە دابەشکردنی کاری ماڵ لە لایەك و کارکردن لە دەرەوە گۆڕانکاری بە سەردا هات، پیاوان زووتر تاکیەتییان بە دەست هێنا.

لە گەڵ بەشداربوونی مرۆڤەکان وەك تاکێك لە نێو رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و رێکخراوگەلی تر ، تاك فۆرمی گرت و ئیدی پەیوەندی مرۆڤەکان نە لە سەر بنەمای خێزانی و خزمایەتی، بەڵکو لە سەر پەیوەندی چین و توێژە سەربەخۆکانی نێو کۆمەڵگە فۆرمی گرت. لەسەر ئەم بنەمایە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی پیاوان لە یەك جیاواز و سەربەخۆ بوون، بەڵام ژنان لە چوارچێوەی ماڵ و کاری ماڵداریدا مارژینالْ مانەوە لە حاڵێکدا کە پیاوان جیا لە رۆڵی "باوك" و "مێرد" وەك تاکێکی کارکەر و هاووڵاتییەکی ئازاد تاکییەتی سەربەخۆی بە دەست هێنا.

دولایەنە بوونی نرخەکان لە کولتووری بورژواییدا دەرفەتی پەروەردە و کاری دەرەوەی دا بە ژنان بە تایبەت ژنان و کچانی چینی مام ناوەندی. بازاڕی کار و بەشەکانی تری کار و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان کە ئیدی نەیاندەتوانی رۆڵ و کاریگەری ژنان لە گەشەی کۆمەڵگەدا لە بەر چاو نەگرن هاتن ژنانی ماڵداریشیان لە سەر بەشە جۆراوجورەکانی کاردا دامەزراند. ئەمە خوەی بووە هۆی ئەوەی کە ژنان جیا لەوەی وەك ئەندامێکی خێزان، پێناسە و پێگەیەکی تریان بێ و لە لایەنی ئابووریشەوە داهاتی سەربەخوەیان هەبێ، بەم شێوە نموونەیەکی نوێ لە سیستمی خێزان لە وڵاتانی رۆژئاوادا دروست بوو کە بە پێ ی ئەو نموونەیە ژن و پیاو هەر کامێکیان وەك تاکێکی سەربەخۆ لە کاروباری ماڵەوە و دەرەوە بەرابەر دەژمێردرێن، واتە هەم لە بازاڕی کاردا بەشدارن و هەم هاووڵاتی کۆمەڵگەن، لە لایەکی تریشەوە هەرکامەیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ خاوەنی کات و پشوو و سەیرانی تاکیی خوەیانن. ئەمەش رەوتێکی دیارە لە چۆنیەتی گەشەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی تاکگرایی و تاکە لە کۆمەڵگە رۆژئاوایەکاند.

فۆرم گرتنی پێناسەی سەربەخۆ و گەشەی تاکگرایی لە ژناندا بووە هۆی لە پەراوێز دەرهاتنیان و ئەو جار کەوتنە نێو چالاکی و بەشداریکردن لە گۆڕەپانە کۆمەڵایەتییەکان و دابەزینی ئاستی گرێدانی سۆزاوی و ئابووری بە پیاوان و بەرەنگاربوونەوەی راستەوخۆیان دژی فەلسەفەی "رەگەزی پلە دوو" لە دواهاتەکانی بوو. واتە بە دەست هێنانی تاکیەتی سەربەخۆ لە ژناندا بووە هۆی سەربەخۆیی ئابووری ، بە دەست هێنانی خۆئاگاییەکی ژنانە و هۆکاری هەڵوەشاندنی ئەو رۆڵە نەریتیانە کە ژنی تەنیا وەك هاوسەر، دایك، کابانی ماڵ و رەگەزی پلە دوو پێناسە دەکرد. بە فەرمی ناسینی سەروەری ژنان لە سەرجەستە و فیکرورۆحی خۆیان بووە هۆی ئازادی ژنان بەرامبەر بە داخوازییە فیکری و رەگەزییەکانیان.

ئەگەر فۆرم گرتنی ژنی مۆدێڕن بەرهەمی گەیشتن بە تاکیەتە ژنە لە قۆناخەکانی مۆدێڕنیزمدا، ئەبێ پێگە و نرخی ژنانی ئێران کە لە نێو کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە هێشتا خوەی لەتەك پرۆسەی مۆدێڕنیزمدا یەك لایی نەکردۆتەوە، چۆن بێت؟ کۆمەڵگەیەك کە هێشتا لە سەرەتاکانی رێگەی نوێگەرایی دایە.

> **کۆمەڵگەی ئێران زیاتر لە سێ دەیەیە لە سەر سێ بنەمای دین سالاری، دژە ژن بوون و دژە نوێگەرایی بەڕێوەدەچێ، بۆیەش سیستم بەم جۆرە پەرەی بە دەسەڵاتی نارەوای خۆی داوە، تایبەت بە هۆی ئەو دەسەڵاتەوە سیستم و مانتالیتەی پیاوسالاریی نەریتی, مەشروعیەتێکی یاسایی بۆ زوڵم وچەوساندن و نابەرابەری رەگەزی بە دەست هێناوە و ژنانیش بۆ پاراستنی مافەکانیان خاوەن هیچ پاڵپشتییەکی یاسایی نین**

بەڵام سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵگەی ئێران لە ژێردەسەڵاتێکی ئایدۆلۆژی دینی دایە کە هەموو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئەخلاقییەکان لە سەر بنەمای مانتالیتەیەکی نەریتی پێك هاتووە و هەموو یاسا و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان دژ بە ژنانە.

بەڵام هەموو کاتێك لایەنگرانی مۆدێڕنیزم و نەریت بە تایبەت بە شێوەی چالاکی و خەبات بۆ مافی ژنان، لە ریزبەندییەکی توند بەرامبەریەك و پێکدادانێکی بەرداوامدا بوون.

سەرەڕای ئەمانە ژنانی کۆمەڵگەی ئێران بە تایبەت لە سالانی دووردا بە زۆری لە بزووتنەوە گشتییەکاندا رۆڵیان گێڕاوە و بە کەمی بۆ داخوازییە رەگەزی و سەربەخۆکانی خوەیان هەوڵیان داوە. بەڵام بە سەرکوتنی شۆرشی ئیسلامی و دەستپێکردنی دەسەڵاتی ئایینی و نەریتی و زۆرتر بوونی گوشار لە سەر ژنان ، داخوازی و خەباتی ژنان کەوتە نێو قۆناخێکی نوێوە، بەم شێوە دژە ژن بوون بووە گەورەترین سەمبۆل و ئامانجی نەریتگرایی و بونیادگرایی لە حوکومەتی ئیسلامی و کۆمەڵگەی نەریتی ئێراندا. و درێژەدان بە خەبات بۆ مافی ژنان بووە بنەماییترین پێوانی مۆدێڕنیزم و ئەمجارە ئیدی داخوازی ژنان تەنیا لە چوارچێوەی داخوازییە گشتییەکان نەما و هەوڵ بۆ داخوازی سەربەخۆی ژنانە کەوتە پێشەوە.

ئەگەر بێ و ئێمە لەم بابەتەدا ژنان لە یەکدەستەدا دابنێین کارێکی نالۆژیکی و هەڵەیە. چونکوو زۆربەی ژنانی چالاك و مۆدێڕن لە ئێران و بە تایبەت لە نێو ژنانی چالاکی کورد ، پێگەی مام ناوەندییان هەیە لە نێو مۆدێڕنیزم و نەریتدا، و هێشتا لە نێو ئەملاولاکردنی مۆدێرنیزم و نەریتدان و ئەرکی خوەیان روون نەکردۆتەوە.

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوە لە نێوان مۆدێڕنیزم و نەریتدا ئەوەیە کە ژنانی ئێرانی و بە تایبەت ژنانی کورد، ئەزموونی ژیان و بەشدار بوونیان لە کۆمەڵگەی مۆدێڕندا نییە و نەبووە، واتە دەست وپەنجە لە گەڵ ئیسلامێکی سیاسی و کۆمەڵگەیەکی بە تەواوەتی نەریتی کە هێشتا سەرەتاییترین قۆناخی مۆدێرنیزمیشی تێنەپڕاندوە نرم دەکەن، بۆیەش یەك لایی بوونەوە لە نێوان مۆدێڕنیزم و نەریتدا تا ئاستێکی بەرچاو تەنانەت لە زۆربەی ژنانی مۆدێڕنیشدا دژوارە و زۆر جاریش دەبێتە هۆی پاشەکشەی ژنانی چالاك لە بەرامبەر گوشارە نەریتیەکان.

لە کۆمەڵگەیەك کە تاك خاوەنی هیچ بڕیارێکی سەربەخۆ و ناسنامەیەکی تاکییەتی خوەی نییە و هەموو مافەکانی پێشێل و قوربانی نەریت دەکرێت نوێگەرایی و سیکۆلاریزم گەورەترین کوفر و تاوانە، دەرکەوتن لە بەرزەخی مۆدێرنیزم و نەریت گەلێك ئەستەم دەبێت، هاوکات خەبات و هێزێکی هەمەلایەنە و بەرفراوانی ئەوێت بە تایبەت کاتێك کە سیاسەتی فەرمی لە سەر فۆندانسیۆنی ئیسلامی سیاسی و دین سالاری، گەورە و بە هێز کردنی مەزهەب و نرخە ئەخلاقییە نەریتیەکان و لە سەرەوەی هەمووشیانەوە لە سەر نرخەکانی باوك سالاری دامەزرا بێت. سەرەڕای هەموو ئەو گوشارە نەریتیانە کە راستەوخۆ هەم لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و هەم لە لایەن کولتووری کۆمەڵگە لە سەر ژنانە بەڵام هەنووکە ژنان لە ریزی یەکەمی خەبات و چالاکی نوێگەراییین کە ئەمەش بۆ خوەی لەوانەیە رەوتی مۆدێرنیزم لە ئێراندا لە گەڵ رەوتی تێپەڕاوی قۆناخەکانی مۆدێرنیزم لە ئورووپادا تا ئاستێك جیاواز بکات کە لە نێو ئەم پرۆسەیەدا بە پێچەوانەی رۆژئاوا خۆئاگایی و ئەندێشەی مۆدێڕنی ژنان پێشاهەنگی دەکات. ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی رۆژئاوا بدەین بە باشی بۆمان دەردەکەوێت کە مۆدێرنیزم لە رۆژئاوا سەرەتا بووە هۆی دروست بوونی عەقڵانییەتێکی پیاوانە و سەربەخۆیی و پێناسەی تاك سەرەتا لە پیاواندا دروستبوو. فۆرم گرتنی تاکییەتی سەربەخۆ لەژناندا بە زۆری کەوتە قۆناخی دوای مۆدێڕنیزمەوە. بەڵام هەروەها کە دەبینین لە ئێراندا هەوڵ و خەبات بۆ تاکیەتی سەربەخۆ و مۆدێڕن لە ژناندا یەکێکە لە بنەماییترین هێزو پۆتانسییەلەکانی گۆرانکاری وگەشەی کولتووریی و ئەمە بابەتێکە کە دەتوانین بە جەسارەت بڵێین تەڤگەری ژنان لە ئێراندا خاوەن ئەو پۆتانسییەلەیە کە ببێتە پێشەنگی دەرباز کردنی کۆمەڵگەیەکی نەریتی بەرەو کۆمەڵگەیەکی مۆدێڕن و سیکۆلار ، چونکوو یەکەمین قوربانییەکانی کۆمەڵگەی نەریتی و دین سالار بە پرەنسیپی باوك سالاری ، ژنان بە خوەیانن، بۆیە خەبات بۆ مۆدێرنیزم دەبێ ببێتە فۆندانسیۆنی تەڤگەری ژنان لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستاندا.

کۆمەڵگەی ئێران زیاتر لە سێ دەیەیە لە سەر سێ بنەمای دین سالاری، دژە ژن بوون و دژە نوێگەرایی بەڕێوەدەچێ و سیستم بەم جۆرە پەرەی بە دەسەڵاتی نارەوای خۆی داوە. تایبەت بە هۆی ئەو دەسەڵاتە سیستم و مانتالیتەی پیاوسالاری نەریتی, مەشروعیەتێکی یاسایی بۆ زوڵم وچەوساندن و نابەرابەری رەگەزی بە دەست هێناوە و ژنانیش بۆ پاراستنی مافەکانیان خاوەن هیچ پاڵپشتییەکی یاسایی نەبوون و هەموو یاساکان لە بەرژەوەندی پیاو لە زیانی ژنان بوون، بۆیە لە نێو قۆناخێکی وەها تەنگ بۆ ژیان و گەشەی پێناسەی تاکیەتی ژن، ژنان زۆرتر پێویستیان تێکالان بە مۆدێڕنیزم، دیموکراسی و گەشەی سیکۆلاریزم هەیە و زۆرتر لە هەر کاتاگۆرێکی تری کۆمەڵگە پێشوازی لێدەکەن.

هەروەها بە پێشکەوتنی زانست و تێکنۆلۆژی بە تایبەت کە بلاو بوونەوەی زانست و تێکنۆلۆژیا لەم سەدەیەدا بە پێچەوانەی سەدەکانی تر لە دەستی چین و توێژێکی تایبەتدا قۆرغ نییە و هەر کەسێك دەتوانێت کەڵکی رۆژانەی لێ بگرێت. گرنگتر لە هەموو ئەوەیە کە کولتوور و عەقڵانییەتی گلۆبالیزم گەشەیەکی یەکجار زۆری داوە بەو بلاوو بوونەوە و دابەشکردنی زانیاری لە جیهاندا، ئەمەش هۆکارێکە کە ژنانی ئێران و بە تایبەت ژنانی کوردیش دەرفەتی ناسین و کەڵك وەرگرتن لە دەسکەوتەکانی ژنانی رۆژئاوایان هەبێت و هەر ئەم زانیاری و ئاگابوونەوە لە سەر پێگە و ناسنامەی سیاسی رەگەزی کۆمەڵایەتی ژنانی رۆژئاوا لە ژنانی ئێرانیدا شەوقێکی زۆری بۆ خەبات لە پێناوی مۆدێرنیزم دروست کردووە کە بە نیسبەت پیاوانەوە زۆرتر و خێراترە.

بەڵام کۆمەڵگەی کوردی بە هۆی گوشار و چەوساندنی نەتەوەیی لەئاستێکی زۆر دواکەوتووتر لە کۆمەڵگەی ئێرانییە، چونکوو بێ بەهرە بووە لە دەسەڵاتێکی سیاسی سەربەخۆ و داییم لە ژێر زوڵم و نابەرابەری نەتەوەیی دا بووە، بۆیە مانتالیتە و دەسەڵاتی پیاوێتی کلاسیك و باوك سالارییەکی رەهای نەریتی و لەسەر ئەوەش کاریگەری لە رادەبەدەری ئایین لە سەر کۆمەڵگەی کوردی ریشکی لە نێو کولتوور و ئەخلاقی کۆمەڵگە داکوتاوە.

کۆمەڵگەی کوردی بە تەواوەتی پێکهاتەیەکی نەریتی و پیاو سالارە کە ژن تێیدا ئەمنییەتی نییە و چەوساوەتر و بێناسنامەترە تەنانەت خاوەنی بڕیارو هەڵبژاردنێکی ئازاد و سەربەخۆ نییە. هەروەها کە ئاماژەمان پێدا بە هۆی گوشار و نابەرابەری نەتەوەی و دواکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی و بێ بەهرەکردنی لە ئیمکاناتی تێکنیکی و ئابووری و گەشەسەندن، تەنانەت کەرەستە سەرەتاییەکانی مۆدێڕنیزمیش بە دژواری پێیدا دەرباز دەبێت.

ئەم تایبەتمەندییانەی کۆمەڵگەی کوردی سەرەڕای گوشاری زۆر لە سەر ژنان و دژوارکردنی خەباتی ژنان لە دژی کۆمەڵگەی نەریتی ، بەڵام جەسارەتی ژنانی کوردی زۆرتر کردووە بۆ دەرباز بوون لە کولتوور و ئەخلاقی کۆمەڵگەی نەریتی و دین سالار. ئەڵبەتە نەوتراو نەمێنێت کە بە هۆی هۆکارەکانی ژوورەوە رێژەیەکی زۆر لە ژنانی کورد هێشتا خوەیان نەریت پارێزن ، بە تایبەت لە نێو دەستەی نەخوێندەوار و نە زۆر ئاگای ژنان نەریتپارێزی زۆرە و ئەمەش ئاستەنگێکی مەزنی لە بەرامبەر ژنانی رۆشنبیر، مۆدێڕن و سیکۆلاری کورد سازداوە.

واتە نابێت هەوڵ و خەبات بۆ مۆدێڕنیزم لە چینێکی تایبەتی ژناندا، چ لە ئێران و چ لە کوردستان مارژینالْ ببێت ، ژنان سەرەتا ئەبێت بە شێوەیەکی گشتی بگەنە خۆئاگاییەکی رەگەزی و ئەندێشەیەکی سەربەخۆی تاکیەتی مۆدێڕن، تا بتوانن وەك ئاماژەمان پێدا پێشاهەنگی پرۆسەی مۆدێڕنیزم لە کۆمەڵگە بگرنە ئەستۆ.

زۆربەی ژنانی کورد بە تایبەت جیلی لاوی ژنان(واتە جیلی رۆشنبیر وخوێندەوار) لەم ساڵانەی دوایيدا شەوقێکی زۆریان بۆ خەباتی دیموکراتیك و مۆدێڕن لا چێ بووە، تایبەت کە ژنانی کورد هەڵگری دوو خەباتی گرنگن:

**یەکەم:** دژی نابەرابەری و زوڵمی نەتەوەیی.

**دووهەم:** دژی نابەرابەری رەگەزی، لە لایەن سیستمی سیاسی دین سالار و نەریتی و هەروەهاش لە لایەن کۆمەڵگەی نەریتی و دوا کەوتووی پیاوسالار لە ئێران و کوردستان.

هەر ئەمانەش میسیۆنێکی زۆر هەستیار و گران بە ژنانی کورد دەبەخشێت کە ئەبێت بە خۆئاگاییەکی گشتی و جەسارەتێکی عەقڵانی و زانستی لەم پرۆسەیەدا رول بگێڕن.